نابێـت ئافرەت وپوری (لە باوکیەوە) پێکەوە کۆ بکرێنەوە لە مارەیی کردندا، ونابێـت ئافرەت وپوری (لە دایکیەوە) پێکەوە کۆ بکرێنەوە لە مارەیی کردندا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێـت ئافرەت وپوری (لە باوکیەوە) پێکەوە کۆ بکرێنەوە لە مارەیی کردندا، ونابێـت ئافرەت وپوری (لە دایکیەوە) پێکەوە کۆ بکرێنەوە لە مارەیی کردندا*». *(واتا: نابێت لە یەک کاتدا ئافرەتێک وپورەکەی هەردووبان خێزانی هەمان پیاو بن)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم شەریعەتە پاکە هەموو شتێکی هێناوە کە خێر وچاکەی تێدا بێت وهەروەها دژایەتی هەموو زیان وخراپەیەکی کردووە، لەوانەش ڕێنموێنی کردووە بۆ تەبایی وپەکگرتوویی وخۆشەویستی، ونەهی کردووە لە خۆدوورخستنەوە وپچڕان وڕق لێبوونەوە. شەریعەت ڕێگەی داوە بە فرەژنی چونکە بەرژەوەندی زۆری تێدایە، وزۆرجاریش ڕق وناکۆکی لە نێوان ژنەکانی پیاوێک ڕوودەدات بەهۆی غیرەت کردنەوە، بۆیە شەریعەت نەهی کردووە لە هێنانی دوو ئافرەت کە کەسی نزیکی یەکتر بن نەوەک بیێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان کەسە نزیکەکان. نەهی کراوە لەوە پیاوێک لە یەک کاتدا دوو خوشک خێزانی بن، یان کچێک وپوری لە یەک کاتدا خێزانی بن، واتا: ئەگەر بیەوێت ئەوی تر خێزانی بێت دەبێت یەکێکیان تەڵاق بدات پاشان ئەوی تر مارە بکات، یان جگە لەم کۆکردنەوە لە نێوان کەسە نزیکەکاندا کە لە شەریعەتدا باسیان هاتووە،ئەم فەرموودەیە ئاماژەی گشتی ئەو ئایەتە سنووردار دەکات کە خوای گەورە دەفەرموێت: { وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ} [النساء: 24] واتە: {وە بۆتان حەڵاڵکراوە بێجگە لەوانە}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6090

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee